# لەبەرچی نازێ عەزیزی ئەلبومی بەفارسی بڵاو کردەوە



نازێ عەزیزی ناوێکی دیاری ناو دنیای هونەری کوردییە، ساڵانێکە لەرێگەی گۆرانی وتنەوە ویستوویەتی خزمەتی هونەری کوردی بکات، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات ئێستا بەنیازە ئەلبومێک بەزمانی فارسی بەرهەم بهێنێت، چەند گۆرانییەکی تۆمار کردووە، نازێ هەرچەندە پێیوایە تائێستا هیچ هاوکاری نەکراوە و مافی خوراوە، بەڵام لەکوردستان نەبێت دڵی ناکرێتەوە. بۆ زانینی نوێترین هەواڵ و پرۆژە هونەرییەکانی و زانینی چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ خانمە هونەرمەند نازێ عەزیزی سازدا.

***چۆن بوو بیرت لەبەرهەمهێنانی ئەلبومێك کردەوە بەزمانی فارسی؟**

- لەبەر ئەوەی زۆر کەسی شارەزا لەبواری مۆسیقا لە ئێران پێیانوابوو دەنگی من دەنگێکی جاویدانییە لەموزیکی ئێراندا، دەنگێکە دەمێنێتەوە و رەسەنە، لەو دەنگانەیە مێژووی ئێران شانازی پێوە دەکات.

***بۆچی بەپێچەوانەی رابردوو ئەلبوومەکەت کوردی نییە؟**

- چەندین ساڵە بەکوردی گۆرانی دەڵێم، بەبێ هیچ پشتگیری و یارمەتییەك، بەبێ ئەوەی هیچ ریز لە هونەرەکەم بگیرێت، تاکو ئەمرۆ نەحکومەت و نەهیچ کەسێك هاوکاری نەکردووم، هەمووی بەپارەی خۆم بووە، نەسیدیان بۆ بەرهەم هێناوم نەکلیپیان بۆ کردووم، هەتا ئەمرۆش کە بەکوردی گۆرانیم وتوە پێموابوو دەتوانم خزمەت بکەم، ئێستا گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی پێویست ناکات بەکوردی گۆرانی بڵێم، واباشە جێی شانازی 70 ملیۆن کەس بم، من کە بە کوردی گۆرانیم وتووە لەبەر خاتری باب و باپیرم بووە، لەبەر ئەوە بووە شانازیم بەکوردبوونی خۆم کردووە، ویستوومە خزمەتێکی هونەری کوردی بکەم، بەڵام لێرە خزمەتی راستیانەی هونەر هیچ سوودی نییە، کەسانێك دێن لێرە و لەوێ پارەیەکی باشیان پێدەدرێت و کارێکی ناهونەری دەکەن، بۆیە دەڵێم بارودۆخی هونەریمان هیچ باش نییە.

***هۆکارەکەی چییە؟**

- بەهۆی بەرپرسانەوەیە، هاوکاری هەندێ هونەرمەند دەکرێت نازانن هونەر چییە.

***کارەکانی ئەو ئەلبوومە بەکوێ گەیشتووە؟**

- بەیارمەتی دوو هونەرمەند لە ئەمریکا_ کە لە لۆس ئەنجلۆس دەژین پێشتر لەئێران هاورێ بووین، سێ گۆرانیم تەواو کردووە، ئەوانی تریش دواتر تۆمار دەکەم.

***کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکە؟**

- کاتەکە دیاریکراو نییە، نازانین کەی تەواو دەبێت، بەڵام دڵنیام کارێکی جوان و بێ وێنە دەبێت لەمێژووی گۆرانی ئێراندا.

***هیچ لایەنی هونەری لەئێران هاوکاریان کردووی؟**

- لایەنی هونەری نا، بەڵام هەندێك مامۆستای گەورە یارمەتیدەرم بوون، هونەری گۆرانی وتن لای ئەو مامۆستایانە فێربووم، زۆربەیان پێیانوابوو ئێستاش پێیانوایە چۆن شەش ساڵە بەکوردی گۆرانی دەڵێم بەبێ هیچ رێزگرتنێك. بێئەوەی هیچ کەس ئاگاداری زەحمەتیەکانت بێت، بە رەنج و ماندووبوونی خۆم تا ئێستا بەردەوامم، هەمووان خۆشیان دەوێم و رێزم لێدەگرن، بەڵام تا ئێستا یەك دینارم لە حکومەت و هیچ کەسێك وەرنەگرتووە. هونەر بۆ پارە ناکەم. هەمووجار ئەو پارەیەی لەکارێکی هونەری بەدەستی دەهێنم لەکارێکی تری هونەری خەرجی دەکەم. تاکە گۆرانیبێژ بووم لەدەرەوە هاتمەوە کوردستان و لێرە ژیانم بردە سەر بەهەموو کۆسپەکانەوە، هاتمەوە چووم بۆ خانووی کرێ هەندێکیش دێنەوە باشترین هۆتێل و زۆرترین پارەیان پێدەدرێت. دەبوایە بەرپرسان لەخەمی هونەرمەندی راستەقینەدا بووان ئەوانەی هاوکاری دەکرێن جەماوەریان نییە، خەڵك لێیان بێزارە.

***شیعری (وەفایی)ت کردووە بە گۆرانی، نیازت هەیە لەمەودوا شیعری کلاسیکی بکەیتە گۆرانی؟**

- نەخێر تەنیا ویستم بۆ هەوادارانی خۆم گۆرانییەکی لەو شێوەیە تۆمار بکەم و دڵنیا بووم لەسەرکەوتنی.

***بە وتنەوەی گۆرانییەکی عەلی مەردان ناسراوی بۆچی ئەو تاقیکردنەوەیە دووبارە ناکەیتەوە؟**

- راستییەکەی من لەو سیدیەدا بەرنامەیەکی وام دانابوو، بەڵام زۆر بێبەڵێنیان لەگەڵ کردم، موزیکژەنەکان و هەندێ کەسی تر، پارەیەکی زۆریان خوارد و درۆیان لەگەڵ کردم، ویستیان گرفتم بۆ دروست بکەن، بەڵام بەهەر جۆرێك بێت ئەو سیدیەم بڵاو کردەوە. گۆرانییەکم بە زاراوەی کرمانجی وتەوە بۆ ئەوەی خۆم تاقی بکەمەوە لەگۆرانی لەو زاراوە، زۆر حەزم لەو گۆرانییە و پێموایە سەرکەوتنێکی باش بەدەست دێنێت.

***دڵنیاییەکی زۆر لەقسەکانت هەستی پێدەکرێت سەبارەت بە ئەلبوومە فارسیەکەت، ئەوە بۆچی دەگەرێتەوە؟**

- هۆکارەکەی ئەوەیە ئەم سیدیە بەدڵی خۆم ئەنجام دەدەم، نەگۆرانی کەسم دزیوە نەمیلۆدی کەسم دزیوە، ئەو شتە دەکەم کە ویستوومە و ئاواتم بووە. بەو هیوایەم سەرکەوتوو بێت و خەڵك ئۆرجینالەکە بکرن، نەك کۆپی. داهاتەکەشی دەچێت بۆ زیندانییەکان.

***پێتوایە تاچەند پێشوازی لەو ئەلبوومە دەکرێت؟**

- وەك ئاگادارم کەسانێکی زۆر چاوەروانی دەکەن و ئۆرجینال دەکرن، زۆرکەس بەڵێنیان داوە ریکلامێکی باش بکەن و بەباشترین شێوە بڵاوی بکەنەوە.

***پێتوایە ئەگەر تا ئێستا هەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژیانت بەسەر بردبا تاچەند بەردەوام دەبووی لەکاری هونەری؟**

- توانای ئەوەم دەبوو خزمەت بکەم، بەڵام هەست دەکەم لەوێ عاشقانەتر کارم دەکرد، لێرە کە ئەو نادادپەروەریە دەبینم لەهونەردا سارد دەبمەوە، ئێستاش زۆر هاورێم هەن لە ئەمریکا زۆربەیان موزیکژەن و



کەسانی  شارەزان پێم دەڵێن چۆن گۆرانی بەکــوردی دەڵێی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە بەکوردایەتی ناســراو بووین، بنەماڵەیەکی شۆڕشــگێربووین، لەماڵەوە ڕێگەیان نەدەدام بەفارسی گۆرانی بڵێم، لەکاتێکدا تەواوی قوتابخانەکانی فارسیم تەواو کردووە و شارەزاییەکی باشم هەیە لەموزیکی ئێرانیدا. ئەوانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەوڵی خزمەتکردنی هونەری کوردی بدەم، بەڵام کە بینیم لێرە کەسانێك ستەم لەهونەر دەکەن بۆچوونم گۆڕا.

***هۆی چییە ســەرەڕای ئــەو هەموو گرفتــە بەردەوامی لەژیانی خۆت بەشێوەیەکی ئاسایی؟**

- لەبــەر ئەوەی بڕوام بەخودای گەورە زۆرە، تا مرۆڤ ئازار نەبینێت هەوڵی ســەرکەوتنی زیاتر نادات، ئێستاش کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە. ماوەیەك پێش ئێستا کاتی هاتنەوەم لە گەشتێکی دەرەوەدا کە هاتینەوە پلەی گەرما زیاتر لە پەنجا بوو، وتم ئای ئەو هەوایە چەند خۆشە، کەسێك بە ئینگلیزی وتی تۆ شێتی؟ ئەو هەوایە کەی خۆشە؟ منیش وتم ئێرە وڵاتی منە لێرە نەبێت لەهیچ شــوێنێکی ئەم دنیایە دڵم ناکرێتەوە. کاتێك دەچم بۆ شوێنێك خەڵك زۆر ڕێزم لێدەگرن هەر ئەو خۆشەویستی و ڕێزگرتنی خەڵکــە وایکردووە هەر بــەردەوام بم، هەروەها خۆشەویســتیەکی تریش ئەویش خۆشەویستی ســەرۆك بارزانییە، بەبوونی ئەو هەمیشــە هەست دەکەم سەرکەوتووم، لەوەتەی بینیومە و وێنەم لەگەڵ گرتووە هەمیشــە هەســتم کردووە باوکی منە، قەت هەستم بە نەبوونی باوك نەکــردووە، باوکی هەموو کوردێکە، کوردستانم لەبەر ئەو خۆشدەوێ.

***چەندجــار ســەرۆك بارزانیــت بینیوە؟**

- بەمنداڵــی لەرۆژهەڵاتــی کوردستان زۆرجار بینیومە، لێرەش چەند جارێك ئەوەم بۆ ڕەخساوە بە دیداری سەرۆك شاد بم.

***وەك دەزانین تۆ وەرزشوان بوویت، بۆ بەردەوام نەبوویت؟**

- دووســاڵ لەمەوبەر نەخۆش بووم، ئەو وەرزشــانە بۆ مــن باش نین، بــەڵام وازم لێنەهێناوە و جار جار دەیکەم.

***لای تۆ وەرزش و هونەر چ پێوەندیەکیان بەیەکەوە هەیە؟**

- جگــە لە مەلەوانی، ســوارچاکێکی باشیشم، پێموایە وەرزش هەستێکی خۆش و نوێ دەبەخشێتە هونەرمەند.

***هیچ نازناوت بەدەست هێناوە؟**

- بەڵی یەك دوو جار.

***رۆژانی جەژنت چۆن بەڕێکرد؟**

- بەرنامەیەکمان لەپێش بوو، بەڵام دوامان خســت بۆ دوای جەژن، داوای کۆنسێرتم لێکرا، بەڵام ڕەتم کردەوە.



***جەژنی ئێستا خۆشــترە یان ئەوانی پێشتر؟**

ـبۆ من وەك یــەك وایە، حەزم دەکرد پشــوویەك وەربگــرم، مانگی ڕەمەزان شەوانە خوداپەرســتیم دەکرد و رۆژانە بــەرۆژوو دەبووم، خێری زۆرم بۆ خەڵك کۆکردەوە.

***چەند زمان دەزانی؟**

- فارسی، ئینگلیزی، هەندێك ئەڵمانی هەروەها کوردی.

***ژیانی کۆمەڵایەتیت چۆنە؟**

- هاوسەرم نییە، جارێ ئەوە لەبەرنامەم دا نییە، پرۆسەکە ســەرکەوتوو نەبوو، نابێت مرۆڤەکان بەدرۆ ژیانی کەسانی دیکە ناخۆش بکەن. پێموایە ئەو کەسەی درۆی لەگەڵ من کــرد، بەڵێنی دا، بەڵام خاوەنی بەڵێنی خۆی نەبوو.

***ئەگەر کەسێك ئازاری دڵی تۆی دابێت لێی خۆشدەبیت؟**

- نەخێر، هەمیشە پێم دەڵێن تۆ دڵسۆز و میهرەبانیــت، کە ئەوەندە میهرەبان بم و خراپەی کەســم نەبێت کە ئەو هەڵە بەرامبەرم بــکات لێی نابوورم. یەکێك لە دوعاکانــم لەمانگی ڕەمەزان ئەمە بوو: خودایە گیانــی لێبوردەییم زیاتر بکەی.

*** لەقســەکانت دیــارە، کەســێکی لێبوردەی بەڵام بێبەختی؟**

- لەمنداڵییەوە هەر وا بووە، حەقیقەتم بەچــاوی خــۆم نەبینیــوە، نازانــم بۆچــی ئاوهایە، شــەو و ڕۆژ کتێب دەخوێنمەوە، گــوێ لە موزیك دەگرم، تەواوی ناخۆشــییەکانم لە میهرەبانیدا کۆکردۆتــەوە و پێشکەشــی خەڵکــم کردووە. ئێســتا هەست بە بۆشاییەکی گەورە لە ڕۆحم دەکەم.

***لەو کاتانەدا پەنا بۆچی دەبەی جگە لەگۆرانی؟**

- شیعر دەنووســم، زۆر شیعرم هەیە، ئەگەر بێی کتێبخانەکەم ببینن دنیایەك شیعری خۆم هەیە، ئەو کاتانەی تەنیام زۆر هەســتی شاعیرانە رووم تێدەکات، ئێستا ئەوەندە هەستم ناسکە شیعرم بۆ نایە، گریان دێت، جاران وشــە دەهات ئێستا فرمێسك دێت.

***هەر لە کوردستان دەمێنیتەوە؟**

- بەڵێ هەر لە کوردســتان دەمێنمەوە، نیازی غەریبیم نییە.





### هونەرمەند عەدنان شینۆ بۆ گوڵان:

# هونەری شێوەکاری و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی مێژوو

**هەرچەندە لەکوردستان هونەرمەندی زۆر بەتوانا هەن لەبواری شێوەکاریدا و لەکۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان بەشێکی تایبەت بەشێوەکاری هەیە، بەڵام هەست دەکرێ وەك پێویست ئاوڕ لەم هونەرە نەدراوەتەوە، عەدنان شینۆ یەکێکە لەهونەرمەندە شێوەکارە دیار و بەرچاوەکانی دەڤەری بادینان، لە دیمانەیەکدا باس لە گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم هونەری شێوەکاری دەکات و بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.**

**دیمانە: سۆران مارف کەریم (دهۆك)**

*** هونەری گۆرانی و موزیك لەکوردستانی عێراق زۆر گرنگی پێدراوە، تۆ پێتوایە بەهەمان شێوەش بۆ هونەری شێوەکاری ئەو گرنگییە دراوە؟**

- پێموایە نزمی ئاستی رۆشنبیریی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ئێمە لە رابردوودا تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بووە، نەیتوانیووە خاوەن بڕیار و بۆچوونی خۆی بێت و نەیهێشتووە ئینسانی کورد هەست بە وجوودی خۆی بکات. دوای ئەو گۆڕانکارییەی کەوا لەکوردستان کرا و ئازادی بەرقەوار بوو، تا رادەیەکیش لەلایەن دەسەڵاتەوە گرنگی بە هونەری شێوەکاری نەدراوە. نەبوونی خەڵکی رەخنەگر ئەوە بۆخۆی گرفتێکی تری بواری شێوەکارییە، چونکە رەخنەگر ئەو کەسەیە کە پردی پێوەندییە لەنێوان تابلۆ و هونەرمەند و بینەری کاری هونەری، زۆرجار خەڵکی هونەرمەند کەسێکی عاجزە، هونەرمەند وابەستەیە بەکێشەی ژیان و خەیاڵەوە، بۆیە هەبوونی رەخنەی شێوەکاری زۆر گرنگە، بەداخەوە تا ئێستا لەکوردستان رەخنەگری شێوەکاریمان نییە. هەر جوڵانەوەیەك هەبێت دەبێت کارتێکەر هەبێت، بۆیە ئێستا هەست دەکەیت هونەرمەندی راستەقینە دروست نابێت، بەداخەوە ئێستا قوتابی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دوای بەدەست هێنانی بڕوانامە ناگاتە ئەو ئاستەی جێگەی دڵخۆشی بێت، چونکە پێموایە هونەر کارتێکەرێکی زاتیە و لەناخی مرۆڤەوە دەردەچێت، دەتوانم بڵێم جووڵانەوەی شێوەکاری هەیە، بەڵام دەبوایە لە ئاستێکی گەورەتر بوایە.

***پێتوانییە هونەری کوردی هونەرێکە و تا ئێستا نەیتوانیوە موخاتەبەی عەقڵی تاکەکانی وڵاتەکەی خۆی بکات؟**

- بەدڵنیاییەوە من لەگەڵ ئەو پرسیارەم، دەبێت زۆر بەوردی هونەرمەندی شێوەکاری بچێتە ناو وردەکارییەکانی هونەرەکەیەوە و هەوڵی نوێکاری بدات، دەبێت هونەرمەند کەسێکی بەئاگا بێت.

*** ماوەی (15)ساڵ لە ئەورووپا ژیانت گوزەراندووە لەوێ چۆن توانیووتانە وەکو هونەرمەندی شێوەکاری پردی لێگەیشتن لەنێوان هونەرمەندانی کورد و وڵاتانی دەرەوە دروست بکەن؟**

-ئەورووپا دەرگایەکی موعەقەدە ناتوانی هەروا بە ئاسانی لە دەرگای بدەیت، هونەرمەندی کورد لەوێ بۆتە چەند بەشێك و بەشێکی بەهونەریکی سادە و موباشیر دەیەویت هونەری خۆی بباتە پێش کە ئەمە سەرکەوتوو نەبووە و هونەرمەندیش هەبووە توانیوویەتی بچێتە پشتی هونەری جیهانییەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و تایبەتمەندی خۆی بپارێزیت، لەوێ هونەرمەندی زۆر باش هەن کەوا تەمەنی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی.

*** زۆر جار باس لە ئالیەتێك دەکەین تاکو هونەری شێوەکاری پێ بکەینە هونەرێکی جەماوەری، واتا هونەری شێوەکاری موخاتەبەی عەقڵ و ئینسانی کورد بکات، تۆ پێتوایە ئەو هەنگاو و ئالیەتانە چین؟**

- دەبێت هونەری شێوەکاری بگاتە ئەو ئاستەی بەجددی موخاتەبەی ئیحساسی خەڵك بکات، بۆ نموونە هەوڵمداوە لە پانۆرامای ئازادیدا لە دهۆك هونەرکەم ببمە ناو خەڵکەوە ئێستا ئەوەی بێتە دهۆك دەبێت سەردانێکی پانۆرامای ئازادی بکات، پێموایە هونەر ئیحساسە ئەگەر وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەوا بێگومان دەچێتە ناو خەڵك و خەڵك گرنگی پێدەدات، تۆ چەند بدەیتە خەڵك خەڵکیش ئەوەندە دەداتە تۆ. هونەری شێوەکاری جیهانێکی زۆر فراوانە تاکە شت کە تۆ پێویستیت پێیە ماندووبوون و بیرکردنەوەیە.

*** لەجیهاندا دوو جۆر هونەر هەیە، هونەرێکیان بازاڕییەو هونەرەکەی دیکەیان هونەرێکی راقییە ئایا کورد هونەری راقی هەیە لە بواری شێوەکاریدا؟**

- پێموایە کورد خاوەنی هەردوو جۆر هونەرەکەیە ئەمەش لە هەموو دنیادا هەیە، واقیعی ژیانی ئێمە واقعێکی تاڵ بووە، وەکو نەتەوەی کورد، ئایا ئێمە توانیوومانە لەهونەری شێوەکاریدا ئەو مێژووەی وەکو کورد هەمانە بیگێڕینەوە؟ نەخێر نەمانتوانیوە لەهونەری شێوەکاریدا بەجددی مێژووی خۆمان بگێڕینەوە، لەکاتێکدا وەزیفەی هونەر ئەوەیە.



# گۆرانی واکا واکا و سەرکەوتێکی دیکەی شاکیرا

دوای ئـــەوەی لەکاتی مۆندیـــال گۆرانیەکی تۆماركرد بەناوی واکاواکا، ئەو گۆرانیەی شاکیرا بەچوارەم گۆرانی داندرا لەمێژوودا ئەویش لەڕووی پڕفرۆشـــترین گۆرانی و ڕێـــژەی بینینی ڤیدیـــۆ کلیپەکە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وەك یەکێك لەســـەرکەوتوترین گۆرانی دابندرێت لەمێژوودا و وەك باشترین گۆرانیش لەمێژووی مۆندیالەکاندا.



## باوکی عاصی لە ماچ کردنی کچەکەی تووڕەیە

باوکی کچە ئەکتەری تورکی تۆبا بۆیکستۆن کە ڕۆڵی عاصی دەبینێت لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی (عاصی) رازی نییە بەوەی کچەکەی بە مایۆ دەربکەوێت و وێنەکانی لەسەر بەرگی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی شەرمەزاری نەکات .

تۆبا بە باوکی راگەیاند بوو دوای تەواو بوونی کاری وێنەگرتن هەندێك لە کارەکانی بڕیاریداوە پشووی هاوین لەگەڵ سامی ئیدانی دەرهێنەری زنجیرەی (دزی دڵەکان) بەسەر دەبات، باوکیشی رازی بوو، بەڵام بە مەرجێك بە مایۆ دەرنەکەوێت لەگەڵی و وێنە نەگرن بۆ ڕۆژنامەکان.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی (خبر تورك) بڵاویکردەوە کە باوکی تۆبا زۆر تووڕە دەبێت کاتێك دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی کچی دەبینێت بەجۆرێك تەلەفزیۆنەکەی دەگۆڕێت کاتێك کچەکەی ماچ دەکرێت لە کارە هونەرییەکاندا.

## غادە خەون بە حیجابەوە دەبینێت



خانمە ئەکتەری میسری غادە عەبدولرازق رایگەیاند کە خەون بەوەوە دەبینێت ڕۆژێك لە ڕۆژان حیجاب بپۆشێت، چونکە حیجاب پۆشین نیعمەتێکی خواییە، بەڵام ئێستا بیر لەو مەسەلەیە ناکاتەوە، غادە هەروەها رایگەیاند ئامادە نییە جارێکی تر ڕۆڵێکی وەك ئەوەی فیلمی (حین میسرە) دووبارە ببینێت لە کارە هونەرییەکانی داهاتوویدا.

غادە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی حەیات گوتی: لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا واز لە کاری هونەری دەهێنم، چونکە من دەمەوێ بە ویستی خۆم لە گۆڕەپانی هونەری دوربکەومەوە نەك بە ناچاری دوای ئەوەی هەندێك کار پێشکەش دەکەم کە شوێنی خۆی لە دڵی جەماوەردا کردبێتەوە و بۆ ماوەیەکی دوور باسی بکەن، بەڵام ئێستاش ئامادەم واز لە هونەر بهێنم ئەگەر ڕۆتانای کچم داوام لێ بکات، چونکە کچەکەم بۆ من هەموو شتێکە لە ژیان.

## ئەلبوومی نوێی فەیروز ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەر بڵاو دەبێتەوە

ریما ڕەحبانی کچی هونەرمەندی لوبنانی فەیروز ڕای گەیاند کە ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەر ئەلبومی نوێی فەیروز بڵاو دەبێتەوە. لەهەمان کات فەیروز دوو کۆنسێرتی گەورە ساز دەکات لە لوبنان. هەر لەئێستاوە ڕیکلامێکی باش بۆ ئەلبوومەکەی دەکرێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیدا، ئەو ئەلبوومە لە شەش گۆرانی و دوو پارچە مۆسیقا پێکهاتووە.



www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com